# هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**زاگرۆس هەمەوەندی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الشرك بالله تعالى ﴾

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە

الحمدلله وكفى والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

خۆشەویستان لەزنجیرە ووتارێکدا باس لەو تاوانە گەورانە دەکەین کە پێغەمبەری پێشەوامان (صلى الله عليه وسلم) ئوممەتەکەی لێ ئاگادارکردوەتەوە وبە حەوت تاوانە لەناوبەرەکەی ناوبردوون، لەم بابەتەی ئەم جارەماندا باس لەیەکێك لەوتاوانانە دەکەین ئەویش هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە.

عن أبي هريرة: رضي الله عنه، عن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال: « اجتنبوا السبع الموبقات ) . قالوا يارسول الله: وما هن؟ قال : الشرك بالله والسحر وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق وأكل الربا وأكل مال اليتيم والتولي يوم الزحف وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات » [ رواه البخاري ٢٦١٥ ومسلم ٨٩ وغيرهما].

واتە: ئەبو هوریرە ( ڕزای خوای لێ بێت ) لە پێغەمبەرەوە ( درودی خوای لەسەر بێت ) ئەگێڕێتەوە کە ئەفەرموێت ( خۆتان لە حەوت تاوانی گەورەی لەناوبەر بپارێزن ) هاوەڵان ووتیان: ئەوتاوانانە کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ( هاوەڵ

بڕیاردان بۆ خوای گەورە، وسیحر وجادوگەری، کوشتنی کەسێك کە خوای گەورە حەرامی کردبێت تەنها بەحەق وڕەوای خۆی نەبێت، وەخواردنی ڕیبا وسوود، وەخواردنی ماڵی هەتیو بەستەم وناڕەوا، وەپشت هەڵکردن وڕاکردن لەمەیدانی جەنگ وغەزا کردن، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێن پاکی موسوڵمان)
لێرەدا پێش ئەوەی بچینە سەر باسکردنی یەکە بەیەکەی ئەم تاوانانە، پێویستە ئاماژە بەوەبکەین کە تاوانە گەورەکان زۆرن وتەنها لەم حەوت تاوانە کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لەچەندین ئایەت وفەرموودەی دیکەدا باسیان کراوە وهەموو ئەو تاوانانە ئەگێڕێتەوە کە لەدونیادا حەدد وسزایان بۆ دانراوە وەك زینا وداوێن پیسی وعەرەق خواردنەوە و......هتد، وەیان نەفرەتیان لێ کراوە، وەك زۆڵم وستەم ودرۆکردن ودووڕوویی و....هتد، وەیان بەڵێنی سزای توندیان پێ دراوە لەدواڕۆژدا، وەك نەدانی زەکات وشایەتی دانی ناڕەوا وپەیمان شکاندن وخراپەکردن وڕەنجاندنی دایك وباوك وبجڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و.......هتد. هەروەها هەندێك لەزانایان پێیان وایە کە تاوانە گەورەکان حەفتا تاوانن، تەنانەت شێخ ( إبن الحجر الهشیمی ) لە کتێبی ( الزواجر عن إقتراف الکبائر ) دا، چوار سەد وشەست وحەوت جۆر لەوتاوانانەی باسکردووە.

عبداللە ی کوڕی عەباس ڕەزای خوای لێ بێت ، لەوبارەیەوە ئەفەرموێت: تاوانە گەورەکان هەموو ئەوتاوانانە ئەگێڕێتەوە

کەخوای گەورە لە کۆتاییدا بەڵێنی ئاگری دۆزەخ ووەیان خەشم ورق وغەزەب، وەیان سزا ونەفرەت ودوورخستنەوە لە بەزەیی ورەحمەتی خۆی پێداون.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کەبەردەوام بوون لەسەر تاوانە بچوکەکان، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە تاوانە گەورەکان، تەنانەت هەندێك لە زانایان تاوان بجوکی نییە وهەمووی وەك یەك وایە ولەئاست خۆیاندا گەورەن ....

ئێمەش لەم نامیلکەیەدا بەیارمەتی خوای گەورە، تەنها بەکورتی باس لەم حەوت تاوانە گەورەیە دەکەین کەلەم فەرموودە پیرۆزەدا ناوبراون بەوهیوایەی سوود بەخۆمان وئێوەی خوێنەری بەڕێز بگەیەنین ورەزامەندی خوای بالا دەستیش بەدەست بهێنێن.

**یەکەم تاوانی گەورە : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە**

یەکەمین تاوان لە تاوانە گەورەکان هاوەڵ بڕیاردانە، بەوواتایەی کە مرۆڤ هاوبەشێك وەیان هاوەڵێك بۆ خوای گەورە دابنێت لەدروست کراوەکانی وە یان هەرشتێکی دیکە، وبیکا بەهاوەڵ وهاوبەش لەپەرستنەکاندا وبەندایەتی بۆ بکات.

بەندایەتی کردن بریتیە لە: هەموو ئەوشتانەی جێبەجێ دەکرێت بەجۆرێك لە جۆرەکان، تەنها مافی خوای گەورە بێت بپەرسترێت تیایاندا وتەنها جێی ڕەزامەندی ئەوبێت، لەنیەت وومەبەست وگوفتار وکرداردا، وەك: نوێژ وڕۆژ وحەج وونەزر وسوێند خواردن وداواکردنی یارمەتی وپشت بەستن پێی وقوربانی بۆکردن وملی کەچ بۆ کردنی وکوڕنوش بردن بۆی وتەواف کردنی وترسان لەخەشم وسزای وبەئومێد وهیوا بون بەسۆز ومیهرەبانی وداوا لێ کردنی وگوێڕایەڵی کردنی ....هتد.

ئەوەی تەنها هەندێك وەیان کەمێك لەم بەندایەتیانە وەیان هەر بەندایەتیەکی دیکە کە تایبەت بێت بەخوای گەورە وباڵا دەست وەك: شیفا وچارەسەرکردنی نەخۆشی ورزگارکردن لە ناخۆشی وبەلا وموصیبەت وباراندنی باران ووزانینی شتە نادیارەکان وبەخشینی منداڵ و....هتد، بداتە پاڵ کەسێك لە پەیامبەران ووەیان پیاو چاکەکان وەیان هەرکەسێك وشتێکی دیکە زیندو بێت یان مردوو، دوربێت یان نزیك، گیانلەبەر بێت یان بی گیان، ئەوا ئەبێتە ( مشرك ) هاوەڵ بڕیاردەر بۆ خوای گەورە: ئەمەش گەورەترین جۆری هاوەڵ بڕیاردانە وخوای گەورە بەهیچ شێوەیەك لێی خۆش نابێت، مەگەر تەوبە بکات وبەشیمان بێتەوە لێی وبگەڕێتەوە سەر یەکتا پەرستی ڕاستەقینە.

**هاوەڵ بڕیاردان ئەکرێت بە دوو بەشەوە:**

هاوەڵ بڕیاردانی گەورە وبچوك:ـ

یەکەم: هاوەڵ بڕیاردانی گەورە، وەك ئەوەی کە لەپێشەوە ئامازەمان بۆ کردو باسمان کرد، کە چەندین ئایەت ووفەرموودەی لەبارەوە هاتووە وخوای گەورە ووپێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت )، بەڵێنیان داوە بەخاوەنەکەی بەئاگری بەتینی دۆزەخ ومانەوە تیایدا بەهەتا هەتای ، گەرپەشیمان نەبێتەوە لێی، هەروەك خوای گورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ﴾[سورة المائدة ٧٢ ] واتە : ئەوەی شەریک و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لەسەر حەرامکردووە و شوێن و جێگاو سەرەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەوستەمکارانە هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نی یە (کەس ناتوانێت فریایان بکەوێت). هەروەها دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا﴾ [سورة النساء ٤٨] واتە : بەڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت، بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت، جا ئەوەی هاوەڵ و شەریک بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە ئیتر بەڕاستی تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە .

وە پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ( درودی خوای لەسەر بێت )، سەرەڕای ئەم فەرموودەیەی باسی دەکەین، لە چەندین فەرموودەی دیکەدا لەوانە ئەو فەرموودەیەی کە عبد الرحمن ی کوڕی ئەبی بەکر لەباوکیەوە ئەگێڕێتەوە، ئەفەرمووێت: « كنا عند رسول االله ( صلى الله عليه وسلم )، فقال: ألا أنبئكم بأكبر الكبائر ؟ ثلاثا، قالوا: بلى يا رسول الله، قال: الإشراك بالله وعقوق الوالدين وجلس وكان متكئا فقال ألا وقول الزور وشهادة الزور، قال: فما زال يكررها حتى قلنا ليته يسكت » [رواه البخاري ٢٥١١ ومسلم ٨٧ وغيرهما] واتە : لای پێغەمبەری خودا بووین (صلى اللـه عليه وسلم) سێجار فەرمووی : ئایا لەبارەی گوناهە گەورەکانەوە هەواڵتان پێدەم؟ ووتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، وئەزیەت وئازاردانی دایك وباوك، پاڵی دابویەوە، ئەمجا دانیشت وفەرمووی : درۆکردن و شاهیدی دانی درۆ، ئەڵێت : پێغەمبەری خودا (صلى اللـه عليه وسلم) هێندە ئەمەی دووبارە کردەوە، دمانووت خۆزگە پێغەمبەری خودا بەسی دەکرد وئیتر ئەمەی نەدەوتەوە .

دووەم: هاوەڵ بڕیاردانی بچوك ( ریاء ) ڕووبینی وسوێند خواردن بەشتێك جگە لە خوای گەورە ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو مەبەست پێیان بە گەورە زانین ( تعظيم ) وەدەسەلاتدارتر نەبێت لە خوای گەورە: خۆ ئەگەر هات

وسوێند خواردن وڕووینی ئەو مەبەستەیان لە پێشەوە بوو، ئەوا هاوەڵ بڕیاردانەکە ئەبێتە هاوەڵ بڕیاردانی گەورە ووەك ئەوەی پێشەوە حسابی بۆ دەکرێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا﴾ [ سوره الكهف ١١٠] واتە : هەرکەسێك دەیەوێت بەدیداری پەروەردگاری شادببێت، بەخۆشنودیەوە با کارو کردەوەی چاک و دروست ئەنجام بدات و بەهیچ شێوەیەک لە پەرستندا هیچ کەسێک نەکاتە هاوەڵ و شەریک بۆی .

وەلە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کە ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت، لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت ) ئەگێڕێتەوە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: « قال الله تبارك وتعالى أنا أغنى الشركاء عن الشرك، فمن عمل لي عملا أشرك فيه غيري فأنا بريء منه، وهو للذي أشرك » [رواه مسلم ٢٩٨٥ وابن ماجه ٤٢٠٢ وللفظ له] واتە : خوای گەورە ئەفەرموێت : من زۆر بێنازم لەهاوەڵ بڕیاردان وشەریك بۆ پەیداکردن، هەرکەسێك کارێك لەبەر ڕەزامەندی من بکات و کەسێکی تریش بکات بەهاوبەشی من لەو کارەدا، ئەوە من بەریم لەو کارە ووەری ناگرم بابۆ ئەو کەسە بێت کە کردویەتی بە شەریکی من لەو کارەدا.

بێ گومان زۆربەی موسوڵمانان لە هەمووڵایەك پێویستە ئاگایان لە خۆیان بێت ونەکەونە نێو هاوەڵ بڕیاردانی گەورە،

چ خوازراو وەیان نەخوازراو وەبزانن ویان نەزانن بەهۆی ئەوەی زۆربەی بەندایەتیەکان تێکەڵ بە خورافیات وبیدعە وداهێنانە پڕو پووچەکان نەکەنن، بەسەردان کردنی کۆڕی پێغەمبەران وپیاو چاکان و هاوبەش کردنیان لەگەڵ خوای گەورە لەسوێند خواردن وونزا وپاڕانەوە وداوای چارەسەرکردنی نەخۆشی وپێدان وبەخشینی منداڵ وسوڕانەوە بەدەوریاندا دەست گرتن بەداد پەروەری وگۆڕەکانیان وبەپیرۆز سەیر کردنیان ، بەڵکو هەندێك جار ئەو کارانە سەرئەکێشێت بۆ پەرستنی دار ودرەخت وجێماوی پیغەمبەران وپیاوچاکان بەرز وپیرۆز ڕاگرتنی، بە بیانوی ئەوەی کە ئەو درەختە هیفلان پیاو چاکە، وئەو عەبایەی جێماوی فلان پێغەمبەرە وئەوە ڕیش وعەسا واردەستەکەی وپێلاو.....هتد فلان پێغەمبەر وپیاو چاکە.

بێئاگا لەوەی کە نەك بەمردووی گەر زیندوش بونایە توانای هیچ شتێکیان نەدەبو تەنانەت دەسەلاتیان بەسەر چاکە وخراپە وخۆشی وناخۆشی ژیانی خۆشیاندا نەدەبوو، چ جای ئەوەی کە مرۆڤ بەناو موسوڵمانان پەنا ببەنەبەر گۆڕەکان وجێماوەکانیان ونزاو داوای یارمەتییان لێ بکەن وچاکەیان لێ بخوازن هەروەك خوای گەورە فەرمان دەکات بە پیغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت )، ودەفەرمووێت: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ

ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ [سورة الأعراف ١٨٨] واته : ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پێیان بڵێ: كه من ناتوانم هیچ قازانج یان زەرەرێک بەخۆم بگەیەنم مەگەر ویستی خوای لەسەربێت، خۆ ئەگەر غەیب و شاراوەکانم بزانیایە ئەوە چاکەی زۆرم کۆدەکردەوە بۆخۆم و هیچ ناخۆشیەکیشم تووش نەدەبوو، من هیچ شتێک نیم تەنیا ترسێنەرێک (بۆ یاخیەکان) و مژدەدەریشم بۆ کەسانێک کە باوەڕ دەهێنن

پێویستە موسوڵمانان بە خۆیاندا بچنەوە وواز لە خورافیات وداهێنانە پڕو پوچەکان بهێنن ، وباباش بزانن هەموو ئەو شتانە ویستی دوژمنانە وئەیانەوێت موسوڵمانان لەڕێگای ڕاستی یەکتا پەرستی دوور بخەنەوە وئاینە پاك وبێگەردەکەیان تێکەڵ بەشتی خراپ وپڕو پوچ بکەن وەك ئاینەکانی خۆیان کە هەریەکەیان بەشێوەیەك جۆرێك لە جۆرەکانی بت پەرستیان لەخۆ گرتووە، تابیانکەن بە کۆیلە وئەڵقە لەگۆێی خۆیان وڕێز وبەهای موسوڵمانی یەکتا پەرستی ڕاستەقینەیان لێ دارنن.

گەربێت وڕووبکەنە پەیامی ڕاستەقینەی ئیسلام وشوێن داواکاریەکانی قورئانی پیرۆز وفەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری ئازیز ( درودی خوای لەسەر بێت ) بکەوین وبیانکەینە چرای ڕوناککەرەوەی ژیانمان، ئەوا بە هیچ

شێوەیەك دوژمنان پێمان ناوێرن ولێمان نزیك نابنەوە، تائەو کاتەی کەلەسەر یەکتاپەرستی ڕاستەقینە بین.....

ماوەتەوە بڵێین کە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە، گەورەترین تاوانە ولێخۆش بوونی بەهیچ شێوەیەك بۆ نییە وسەرجەم پەیامی پێغەمبەران لەسەرەتاوە تاکۆتایی بۆ ئەو مەبەستە هاتوون کە مرۆڤەکان لە بەندایەتی دروست کراوەکان بگێڕنەوە بۆ بەندایەتی کردنی خوای تاك وتەنها هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ ..... ﴾ [سورة النحل ٣٦] واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانەکردووەو پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن، خۆتان دوورە پەرێز بگرن لە هەموو پەرستراوێکی تر، جا هەبوو لەو خەڵکە (کە بیرو هۆش و ژیری خۆی خستەکارو بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕا) خوایش هیدایەتی دەدا، هەشیان بوو خۆی شایستەی گومڕایی دەکردو بەسەریدا دەچەسپا ....

داواکارین لە خوای گەورە ئێمە وئێوەش بپارێزێت لە هەموو جۆرەکانی شیرك وبت پەرستی ورێنوێنیمان بکات بۆسەر ڕێگای ڕاستی یەکتاپەرستی ...........ئامین